# ماڵئاوایی شمشاڵێکی سەمفۆنیایی

سوارە قەڵادزەیی / سلێمانی

1

گەرووت شەلاڵی ئاواز و
دڵت مەکۆی خەمێکی دوور..!!
تاڵ تاڵی پرچی کاڵوەبووت
سووتاوی ئەندێشەی عەشق و
روانینێک بوو زۆر بێسنوور..!!
هەلدەزنای بە هەورازی
کورو رەق و نشێو و لێژ...
هاتووچوونی بێ کۆڵدانت
لەلات ببوە نوێژێکی دوور
نوێژێکی درێژ..!؟
دڵێکی گەورە و پڕ رەهەند..
سرک وەک دڵی بەرخۆلە
ناسک وەک تێڕامانی کار!!
بۆ بەهار شینگای شەهید پرسەی ئەوین
ئاوازی رەسەنت بۆ "کورد"
چەپک دەکرد.. پڕ.. لە گریان و
پێکەنین..
سادە و ساکار
رۆژت ئەخزاندە باوەشی
شەوانی درێژ بێ کۆتایی

2

لەگەڵ کەروێشکەی گەنم و جۆ
تریقانەوەی دەمی ساوا
شریخەی هەوری بەهارندا
گەشەت دەکرد.. دژیایتەوە
لەژێر نوای گەپەنکی شان
دوای تێتووڕاندن لە قەتار
لاوک و حەیران
بە ئارەزووی دڵی ئەوین
رادەکشای.. دەحەسایتەوە

گەرووت پڕ دەکرد لە نۆتە
چەپکە هەڵبەست
وەک جوانترین دیاری هەستت
بۆ گراوی هەوارانت
بە تاڵە داوی دڵ دەبەست!!

3

پنجک بە پنجکی لارێ
لە دووت دەخشان.. بەدواتەوە
بە ئەفسوونی ناو هەناوی شمشاڵەکەت
هەڵدەپەڕین..!!
وەک بتهۆڤن شمشاڵەکەت
خۆی خستە باوەشی مێژوو
بووبە سەمفۆنیای هاوچەرخ
بووی بە "سومبول"
وەک شا کارەکتەرەکەی شانۆ
مۆزاردی ئاواز و مۆزیک
بۆ نۆتە و ریتمی خۆماڵی
بوویت بە تاکە بڕبڕە
لە لووتکەدا ماڵ ئاواییت
لە هەوار کرد.. قالەمەڕە..؟!

4

شمشاڵەکەت فێرگەی عەشق و دڵداری بوو
هەوری پڕ گەواڵەی سۆز و
خوناوگەی سەرلێوی ئەوین !!
خەندە و بزەی دەمی جێژوان
گرو پوشوی دەم بلێسەی
رزگاری بوو
پێگەمەی ساتی.. راموسان!!
سەری سپیت لیوان لێو بوو
لە خۆشەویستی وڵاتی
بەفر و خوێن
پڕ سرووتی .. ئاتەشگەیدەی
ئاوزیکری دەم.. ئاڤیستا بووی
شمشاڵەکەت لە ناو دڵی پیر و جوان
"ئازیزە" ی ئۆخژنی راز و
بۆ قەتماغەی زامی برین

ئاسوودە بوون و "هەتوان" بووی!!
ئاونگی سەر پەلکی گوڵ و
هەناسەی گەرمی دوای ژوان و راماووسان بووی..؟!

5

تۆ وێڵی خۆزگەی تۆمارێک
قەتیس ماوی عەشقی تەکیەکەی "هێمن" بووی
تێکەلاو بە رۆحی "مەحوی"
"لالشی" قیبلەی شمشاڵ و مرۆڤ دۆستێکی شەرمن بووی
لە سەر ژێی کەمانی پەنجەت
چەندین رووداوی خوێناویت
بە فووی بلوێر
کردە گەرووی بەستە و حەیران
چەند داستانی رزگاریت .. تۆمار کرد و

کردتە دیاری بۆ کوردستان!!
ئێستا ئەو دڵە گەورەیەی تۆ
نوستووی باوەشی "بۆکانە" و
"ناڵەشکێنە" هەورایەتی
"زیرەک" دەیلاوێنێتەوە!!
ئەگەر کرا بۆ پاداشتی رێزلێنانت
بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەی
بەخشیت بۆ سەروەری
ژیانت
بەرهەمی دەست و پەنجە و
شمشاڵەکەت.. بیری پاکت
کەپنکی سەردەمی شوانی و گۆچانەکەت
لە مۆزەخانەی کلتووری کوردایەتی و شارستانی
هەڵبواسین..
بۆتۆ و ئەوانی ئایندە
ببێتە سەرمایە و دیاری..

***